# مام جەلال و تارماییەکانی ئەو دیو پۆستی سەرکۆماریی لە عێراقدا !

خەتاب سابیر
April 09 ,2005
khatabs@hotmail.com

بۆ یەکەمین جار لەمێژووی کۆن و نوێی عێراقی چێکراو بەعەرەبیی و بالادەستیی و زۆرداریی نەتەوەی عەرەب لە یاساو دەستووری عێراقدا ،ئەم ولاتە پڕ لەئازارە سەرۆکێکی بەرەگەز کورد بەخۆیەوە دەبینێت . مام جەلال مێژوویەکی دوورو درێژی خەباتی سیاسیی و پێشمەرگایەتیی هەیە، بە گەواهیی دۆست و دوژمنانی یەکێکە لە چاپووکترین و بەتواناترین سەرکردەکانی نێو گۆڕەپانی خەباتی سیاسیی و چەکداریی کورد لە نیو سەدەی ڕابردوودا .

جەلال تالەبانیی کە بە مام جەلال زیاتر ناسراوە ، سەرەڕای ئەوەی زۆر جار لە ڕاگەیاندنە سەرپێییەکانی و لە گفتوگۆکانی لەگەلٚ داگیرکەرانی کوردستاندا تووشی هەڵەی تاکتیکیی و ستراتیژیی بووەو تەنانەت زیانیشی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش گەیاندووە، بەلام مێژووی دوورو درێژی ئەو پیاوە کە یەکێک لە باشترین تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە کە هەمیشە لەشکستەکاندا کوڕی تەنگانە بووە، بەورەیەکی زۆر بەرزەوە بەگژ بێئومێدیی و بێئاسۆییدا چووەتەوە ، کەسایەتی مام جەلال وا هاتووە ، هیچ کەسێک ناتوانێ بەهیچ کلۆجێ ، بە ئاستەمیش ترسنۆکیی لەو پیاوەدا بدۆزێتەوە. لە دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول لە 1975 دا ، وەکو سەرکردەیەکی قالەوەبووی ناو خەباتی پارتیزانیی و سیاسیی سەرەڕای هەموو شکستە سیاسییەکانی خۆی و بالی مەکتەب سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سالانی شەستەکاندا ، توانیتی بەهاوکاریی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران ،یەکەمین چەخماخەی شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان لێبداتەوەو پۆتی لووتبەرزیی و دەسەلاتی دڕندەی ڕژێمی بەعس بە شۆڕشی نوێ بقلیشێنێتەوە .

زۆر دوور نەڕۆین لەدوای پرۆسەکانی ئەنفالی بەعس و کاولکردنی زۆربەی لادێ و شارۆچکەکانی کوردستان ،دەربەڕاندن و قایمکردنی پاشماوەی هێزی پێشمەرگە لە سنوورەکانی ئێران ، بەتایبەت پاش ئەوەی سەرکردەیەکی بەهاداری وەکو ئازاد هەورامیی لەبالیسان گیانی بەخشیی بە ئازادیی و سەردانەخستن بۆ بەعس و وێرانکردنی بادینانیش لەلایەن سوپای زۆروزەوەندی بەعسەوە لەولاوە هاتە سەر هەموو تێکشکاندنە سەربازیی و سیاسییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان ، ئەوساش مام جەلال لە قاسمەڕەشی سەرسنوور، پێشمەرگە ماندووەکان و خەلکی پەرتەوازەی دەستی ئەنفالی کۆکردەوەو ورەی کردەوە بەبەریانداو پێیانی ڕاگەیاند سەرەڕای شکستە کاتییەکان ، سەرەنجام کاروانی خەبات و قوربانییەکانی گەلی کورد بەئامانجی خۆی دەگات و دەبێ بەورەیەکی بەرزتر لەجارانەوە بچینەوە بەگژ دەسەلاتی بەعس و داگیرکاریدا. تەنانەت هەندێ لە سەرکردەکانی یەکێتیی بە تەلفیسەوە دەیانگوت لەوەتی مام جەلال هەیە دەلێ حکومەتی عێراق دەڕوخێنین! ، دەبڕۆ بیرۆخێنە بە چوار تفەنگی ڕەقەوە !.

لە دوای 31ی ئابیشەوە ، وەکو جاری جاران کەوتەوە لەپێکردنەوەی پۆتێنی کێومالٚ و لەبەرچراو لۆکسەوە سەرکردایەتی ئەو شەڕانەی دەکرد، کە مەگەر هەر بە ئەو و کۆسرەت ڕەسولٚ و سەید جەوهەر و عوسمانی حاجی مەحمود...هتد بکردرایە. سەرەڕای قێزەونی و ناڕەوایەتی هەموو شەڕەکانی ناوخۆ، سەرەڕای ئەوەی تاوانێکە بەرامبەر هەموو گەلی کورد کراوە و سەرکردایەتی پارتی و یەکێتیی بەپلەی یەکەم لێی بەرپرسیارن ، بەلام خۆشیمان بوێ و ترشیمان بوێ ، بەشێکە لە مێژووی گەلی کورد و هەمووشمان شەرمەزارین لەئاست قوربانیانیی شەڕی ناوخۆ و تاوانە سیاسییەکانی و بەلا سیاسییەکانیدا .

بەڵێ مام جەلال هەمیشە کاتێک زۆربەی خەڵک لەئەوپەڕی بێئومێدیی و بێئاسۆییدا بووبن ،ئەو هەمیشە لە لێدانی تەپڵی هەڵساندنەوەو سەرکەوتن زیاتر شتێکی تری نەزانیوە. ئەو لە وشکە کەڵەکەکانی چەمی کەڵەشێرەوە، لە بێشەڵانەکانی چەمی ڕەزانی سەرەتای شەستەکاندا ، ناو و ناوبانگی هەموو کوردستانی تەنییەوەو بووە سەرکردەی هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان ، سەرکردەی هەر ڕێکخراو و ئۆرگانێکی سیاسیی کوردستان ئەگەر بیەوێ لە تایبەتمەندییەکانی ئازایەتی و چۆکنەدان و هەڵساندنەوەو بەگژداچوونەوە فێر بێت ، پێویستی بەخوێندنەوەیەکی وردی ژیانی سیاسیی و کارامەیی مام جەلال هەیە .

ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە ، کە ئێستا مام جەلال بووە بەسەرکۆماری دەوڵەتی لەخوێن هەڵکێشراوی عێراق ، بەرهەمی خەبات و قوربانیی گەلی کوردە کە پتر لەپەنجا ساڵە بەردەوامە و بێ پسانەوە خوێن و قوربانیی لە جەستەی ئەم گەلە دەڕوات. خۆشحاڵیی جەماوەریی لەکوردستاندا بەو شێوە بەرینە بچووکترین دوودڵییەک لەسەر ئەوە ناهێڵێتەوە کە گەلی کوردستان بەوردو درشتییەوە تا چ ئەندازەیەک شادمانن بەوەی کوردێک سەرکۆماری عێراق بێت ، ناکرێ وەکو داڵاش بەرامبەر هەموو خواست و هەست و خولیای ئازادیی گەلێکی پەنجا ملیۆنی بقیڕێنیت و لەسفریشت زیاتر لەدەست نەیات، ناکرێ ڕەخنەی سیاسیت لە حیزبێک و لەسیاسەتمەدارێک هەبێت، وەکو درم هەمیشەو بێ هیچ بۆنەیەک، نەخۆشیی دەروونیی و گرێ کوێرەکانی هەناوت بە سووکایەتیی و شکاندنی کەسایەتی ئەم و کەسایەتیی ئەو حیزب دەرببڕی و چوار کڕیاریشت نەبێ!.

گومانی تێدا نییە کە سەرکۆماری عێراق ، ئەو پلەوپایە و دەسەڵاتە ئەفسووناوییە نییە کە دەرمانی هەموو دەردێکی سیاسیی بێت ، سەرکۆمار تەنانەت دەسەڵاتەکانیشی دیاریکراوە ، بەڵام ئەوە بۆخۆی مەغزایەکی گەورەیە کە ڕۆژگارێک سەرکۆماری ئەنفال و کیمیاویی عێراق هەموو کەسێکی دەدایە بەر شنەی لێبووردنەکانی ، تەنها جەلال تاڵەبانیی نەبێت، ئێستاش هەمان جەلال تاڵەبانیی سەرکۆماری عێراقەو دیکتاتۆرەکەی جارانی عێراقیش لە زیندانەوە بەڕاستەوخۆیی دەیبینێت و زەقەی چاوی دێت . سەرکۆماریی، بایەخی سیاسیی و ئەجێندای سیاسیی خۆی هەیە بۆ گەلی کورد بەڵام لەهەموو شت گرنگتر ئەوەیە ، کە پۆستی سەرکۆماریی چەند دەسکەوتی سیاسیی بۆ گەلی کورد لێدەچنرێتەوە ؟. مام جەلال لەدوایین ساڵەکانی تەمەنی سیاسیی خۆیدا دەتوانێت بەدەسەڵاتی پۆستەکەی ، گەورەترین سەرکەوتنی سیاسیی دوور لەخوێنڕشتن و توندوتیژیی بەدەست بهێنێت بۆ گەلی کورد لەمێژووی کۆن و نوێی عێراق و ناوچەکەدا.

چیتر دوانەخستن و یەکلاکردنەوەی کێشەی کەرکوک ، لە هەرە گرنگترین کارەکانن کە یەخەی مام جەلال وەکو سەرکۆمار دەگرن ، مام جەلال، دەبێت هەموو قورسایی سیاسیی خۆی و هاوپەیمانیی کوردیی بخاتە سەریەک و چیتر ڕێگە نەدات دەستیی دەستیی بەکەرکوکەوە بکرێت، چۆن هەموو عەرەب و ئیسلام سوورن لەسەر گەڕاندنەوەی جوولەکە ئیستانییەکان لەناوچە عەرەبییەکانی فەلەستیندا ،بەهەمان شێوەش کوردیش دەبێت بەهەموو قورساییی سیاسیی خۆیەوە سوور بێت لەسەر گەڕاندنەوەی دوا بەماڵی عەرەبە هاوردەکانی کەرکوک بۆ شوێنی خۆیان و گەڕاندنەوەی تەواوی ئەو خێزانە کورد و تورکمانانەی کە دەیانەوێ بۆکەرکوک بگەڕێنەوە. ناکرێت لەسیاسەتدا خاترجەمی و پۆستی سیاسیی ڕێگریی مۆراڵیی بۆ مرۆڤی سیاسیی دروست بکات، لەکاتێکدا 350 ملیۆن عەرەب پێدادەگرن لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئۆردوگا ئیستیتانییەکانی جوولەکە، بەڵام زۆر ئەستەمە 3500 کەس لەناو نەتەوەی عەرەبدا پەیدا ببن و بڵێن ئەمەی لەکەرکوکیشدا کراوە سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەو ئیستیتانیانەیە و دەبێ عەرەبە هاوردەکان بگەڕێنەوە! بۆیە ئەرکی مام جەلال و سەرکردایەتی سیاسیی کوردە کە نەهێڵن گەلی کورد دووچاری دۆڕاندنی کەرکوک بێت . دۆڕاندنی کەرکوک یانی بەفیڕۆدانی هەموو قوربانییەکانی ئەنفال و هەڵەبجەو بێ سەروشوێنکردنی بارزانییەکان و دەربەدەرکردنی فەیلییەکان ولەسێدارەدانی زیندانییەکان و بەباداچوونی نیوسەدە خەباتی سیاسیی و پێشمەرگەیی . مام جەلال و سەرکردایەتی سیاسیی کورد و گشت حیزب و ڕێکخراوە سیاسیی و جەماوەرییەکان دەبێت ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاوبێت ، کە چیتر کات لەقازانجی کێشەی کەرکوکدا نییە،بەپشتداخستنی کێشەی کەرکوک ، داهاتووی سیاسیی و جووگرافیی ئەو شارە ئاڵۆزتر دەکات، لەسیاسەتدا ئەگەر هێز و توانای سیاسیی خۆت لەکات و شوێنی گونجاودا بەکار نەهێنیت ،نەیارەکانت کات و شوێنت بۆ دیاری بکەن ، کێشەکەت بەکوردییەکەی و بەکورتییەکەی دەدۆڕێنیت ، ئەگەر بەتەواویش نەیدۆڕێنیت ،بەنیوەناچڵیی

دەیدۆڕێنیت ! چونکە هەرگیز بەتەواویی ئەو هەلومەرجەت بۆ نارەخسێتەوە کە ئێستا هەیە و مێژووش بەزەیی بەهیچ شتێکدا نایاتەوە .

بۆ ئەوەی سەرکردایەتی سیاسیی کورد بەگشتی و مرۆڤێکی کورد بەتایبەتیی لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا سەرکەوتووبن، پێویستە ستافێکی پسپۆرو تەواو شارەزاو ئەکادیمیی لە هەردوو ڕووی سیاسیی و یاساییەوە هاوکاریی مام جەلال بکەن ،ئەمە ئەرکێکە، مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و پارتی لەهەموو کەس زیاتر لێی بەرپرسیارن ، قۆناغێکی تا بڵێی هەستیارە، بچووکترین هەڵە، گەورەترین زیانی سیاسیی بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان دەگەیەنێت. ئەوە ڕاستە مام جەلال کابرایەکی پشوودرێژەو بەردەوام لە کۆڕو کۆبوونەوەو پێشوازیکردنی ئەم و ئەودایەو توانای لەوەش زیاترە کە نواندوویەتی ، بەڵام ناکرێ بەهیچ شێوەیەک هەموو ئەو ئەرک و کارە گرنگانەی لەسەرشانی سەرکۆماری عێراق دەبێ بە تەنها بەخۆی بسپێردرێ،ئەوە ئەرکی ستافێکی سیاسیی و یاسایی چاوکراوەو بوێرە کە هاوشانی مام جەلال، دەبێ هەڵبسورێن.

ئەو ستافەی کە دەبێ هاوکاریی مام جەلال بکەن لە ڕاگەیاندنەکانیدا ، لەپرێس کۆنفرانسەکانیدا ، لەسەردانەکانیدا بۆ دەرەوەی وڵات، لە دانیشتنەکانیدا لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکاندا ، نابێ کەسانی ترسنۆک و ماستاوچیی و خۆلەپێشکەربن ، دەبێ کەسانی ئازاو بوێر و ڕاستگۆ بن و بەرژەوەندییە سیاسییەکانی گەلی کورد بخەنە سەرووی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانییەوە، بەکارهێنانی وشەی گونجاو لە رستەی گونجاودا ،دەربڕینی سیاسیی واتادار و دووربینیی لەسیاسەتدا، بەواتایەکی تر سیاسەتکردن بۆ دوورماوە نەک بۆ کورتماوە، دەبێ زۆر بە سەلیقەوە لەبەرچاوبگیردرێ و ئەم ئەرکانە کاری ئەو ستافەو ئەو پسپۆرانەشە کە بڕیارە ڕاوێژکاری سیاسیی و یاسایی مام جەلال ببن .

ئێستا کە مام جەلال هەموو تەمەن و ژیانی خۆی لە ناو سیاسەت و خەبات و تێکۆشاندا بەسەربردووە ، دەبێ لەهەموو کەس زیاتر ئەو ڕاستییەی لە بەرچاو بێت ، سەرەڕای تەمەنێکی دوورو درێژی سیاسیی ، زۆر هەڵەی سیاسیی گەورەشی کردووە لەژیانیدا ، بەتایبەت لە دووساڵی ڕابردوودا چەندین ڕاگەیاندنی لەسەرکەرکوک داوە کە بەزیانی گەلی کورد و یەکێتیی نیشتمانیی و خودی خۆیشی گەڕاوەتەوە . ،مام جەلال دەبێ لەهەموو کەس زیاتر ئەو ڕاستییە وەربگرێت و هەرسی بکات،ئەگەر بە مۆدێلی برۆکسل چارەسەر و نەشتەرگەریی کەرکوک بکات، ئەوا دڵنیا بێت لەوەی کە کەرکوک ئەگەر لەژێر دەستیدا نەشمرێت ، ئیفلیج دەبێت . مام جەلال دەبێ هۆشدارییەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی زۆر بە هەستیارییەوە بیر خۆی بهێنێتەوە کە چەند زیانی بە ڕێکخراوەکەی خۆی گەیاند بەهۆی تاکڕۆییەکانییەوە.

هەروەها دەبێ تاقیکردنەوەی یەک مانگ ئەنجوومەنی حوکمی دەسەڵاتە کاتییەکەی عێراقی لەبەرچاو بێت کە چ ئیمزایەکی کرد لەسەر فیدراڵیی جووگرافیی؟ چەند بەزیانی خۆی و یەکێتیی نیشتمانیی شکایەوە، مام جەلال دەبێ ئەو ڕاستییە بزانێ ئەگەر مەکتەبی سیاسیی ژانی پێنەگەیشتایە ئاوا لێی ناهاتنە دەنگ، نابێ کۆمەڵی چەکمەبۆری ماستاوچیی و هیچ نەدیتەو سەرلەقێن و چاوچنۆکی ناو یەکێتیی کە بەمام جەلالدا خۆیان هەڵواسیوە ، ڕێگەیان پێ بدرێ بەرچاوڕوونی بۆ مامیان بکەن ، مام جەلال لەیەکەمین کورتە وتاری سیاسیی خۆیدا لەبەردەم پارلەمانی عێراقدا، هیچ سیکیۆلاریی و لیبراڵییەکی لەخۆی نیشان نەدا، ئەوەندەی بەباڵای فەرموودە ئەنفالییەکان و شەریعەتی ئەنفالدا هەڵیدا ، مەگەر هەر ئاخووندەکانی حەوزە عیلمییەکانی نەجەف و کەربەلا بیانکردایە . عەللاویی سەرەڕای ئەوەی کە پاشخانێکی بەعسییانەی هەیە، بەڵام زۆر بەڕاشکاویی بەڕووی سیستانیدا وەستایەوە ، کەچیی بەداخەوە مام جەلالی ئازادیخواز و داکۆکیکەری مافی مرۆڤ و خوازیاریی جیایی دین لەدەوڵەت،بەشێکی بەرچاوی وتەکەی بۆ نەخشاندنی ئایینی ئیسلام و باڵای سیستانیی تەرخانکرد.

سەرکۆماریی ، ئەرکێکی سیاسیی و مۆراڵییە بەرامبەر هەموو عێراقییەکان،بەڵام پێش هەموو شتێک مام جەلال بە نوێنەرایەتی تەواوی گەلی کوردستان ئەو پۆستەی وەرگرتووە، نابێت بەهیچ کلۆجێ ئیمزایەک بکات ، هەنگاوێ بنێ ، کە تەنها

بەعەقڵییەتی سیاسیی خۆی بیکات ، مەزنی مام جەلال و جەرائەتی مام جەلال لەوەدا دەبێت بۆ هەر بڕیارێکی چارەنوسساز، بگەڕێتەوە بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان و سەرجەم حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و هیچ کارێکی تاکڕۆیی نەکات. کەرکوک گەورەترین زامە لە جەستەی گەلی کوردستاندا ،لێرەوەیە بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی شاری کەرکوک بەشێوەیەکی یەکجاریی و هەتاهەتایی ، کێشەی سیاسیی کورد کۆتایی پێ نایەت ، لای کەم لەم قۆناغەدا، کوردستان بەبێ کەرکوک هەرگیز ناتوانێ هەنگاو بۆ سەربەخۆیی بهاوێ ، هەر داشکاندنێکی سیاسیی و جوگرافیی و ئابووریی و ناسنامەیی لەشاری کەرکوک ، زیانێکی گەورە بەسەرجەم بزاڤی سیاسیی کورد بەگشتی و خودی سەرکۆماری عێراق بەتایبەتی دەگەیەنێت ،هەڵەکردن لەکەرکوک و ناسنامەی کوردستانیی بوونی کەرکوک و ناوچە تەعریبکراوەکانی تردا لەم هەلومەرجە سیاسییە هەستیارەدا شتێک نییە جێگای پڕبکرێتەوە.

سەرەڕای هەر خۆپارێزییەکم لە بوونی مام جەلال بەسەرکۆمار ، لەدڵەوە پشتیوانیی لێدەکەم و پیرۆزباییشی لێدەکەم ، هیوادارم لە چەند مانگی پۆستی سەرکۆماریی بووندا بتوانێت بە هاوکاریی کەسایەتییە بێلایەنە سیاسیی و ئەکادیمییەکانی کورد و دڵسۆزانی چارەسەرکردنی کێشەی سیاسیی کورد ، پۆستەکەی لەپێناو خزمەتکردنی دۆزی کورددا بە وردترین شێوە بەڕێوەببات. دەنگی خۆشحاڵیی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی دەیان میلیۆنیی خەڵکی کوردستان لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا ، کە بۆیەکەمین جارە کوردێک پۆستی سەرکۆماریی وەردەگرێ و پۆتی کەڵەگەتی شۆڤێنیزمی عەرەبیی دەشکێنرێ و سەرکۆماری عێراقی عەرەبیی، کورد دەبێت . دواهیوام ئەوەیە مام جەلال وتەکەی خۆی جێبەجێ بکات کە دەڵێ " گرنگ پۆستەکان نییە، گرنگ دەسکەوتەکانە". هەموو گەلی کوردستانیش چاوەڕێی ئەو دەسکەوتانەیەو تاجی دەستکەوتەکانیش ئازادکردنی شاری کەرکوکە لە چنگ دێوەزمەی تەعریب و سڕینەوەی پاکتاویی نەژادیی و ڕیشەکێشکردنی ستەمی نەتەوایەتیی ، کەرکوک سەرچۆپیی دەستکەوتەکانەو بەبێ کەرکوکیش هیچ هەنگاوێک نانرێ بۆ سەربەخۆیی .